# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٦ – ٢٠٢٦
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. سالّح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd
ISSN: 2520- 4106
هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.
گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.
ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.

* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd
* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن ٢٠٢٥/٩/٢٥
پەسەندکردن ٢٠٢٥/١٢/٤

# ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لە "خولێک بۆ فێربونی گریان" ی قوبادی جەلیزادەدا

**د. نعمە قرەنی اسماعیل**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین
Neamah.ismail@su.edu.krd

پوختە

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لە "خولێک بۆ فێربونی گریان" ی قوبادی جەلیزادە)دا. توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی بنەما و ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لە دەقە شیعرییەکانی (خولێک بۆ فێربونی گریان)دا. ئیکۆلۆژی وەک میتۆدێکی ڕەخنەیی نوێ ئەو بوارە زانستییەیە، کە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جۆرەکانی ڕووەک و گیانەوەر و پەیوەندیان بە جیهانی فیزیکیان دەکۆڵێتەوە، واتە ئەو بابەتە ڕەخنەییانە هەڵدەبژێرێت، کە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و ژینگەی بایۆلۆژی و فیزیکی دەکۆڵنەوە. ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لقێکە لە لقەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵ و دەرخستنی ئاژەڵان لە دەقی ئەدەبیدا. ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بەرباس خستنی چۆنیەتی وێناکردنی ئاژەڵە لە شیعرە هەڵبژێردراوەکانی "خولێک بۆ فێربونی گریان" دا، بەمپێیە توێژینەوەکە لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی و یاساکانی پاراستنی مافی ئاژەڵان، لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن شاعیرـ قوبادی جەلیزادەـ لە ئاژەڵ ڕادەمێنی لە دەقە شیعرییەکانیدا. توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی لە دوو بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم دەروازەیەکی تیۆرییە سەرەتا تیشک دەخاتە سەر ناساندنی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، دواتر جەخت دەکاتە سەر مێژوو و زاراوە و پێناسەی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی. لە بەشی دووەمیشدا بنەما و ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لە شیعرە هەڵبژێردراوەکاندا پراکتیزە کراوە.

کلیلە وشە : ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ، ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی، ئاژەڵ، پاراستنی مافی ئاژەڵان، خولێک بۆ فێربوونی گریان.

پێشـەکی

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ( ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لە خولێک بۆ فێربوونی گریان ی قوبـادی جـەلـیزادە)دا، توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی بنەماو ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ئیکۆئاژەڵناسی لـە دەقـە شیعرییەکانی (خولێک بۆ فێربونی گریان) و شیکردنەوەیان بە گوێرەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ و پاراستنی مافی ئـاژەڵان. لە نوسینی ئـەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕەخنەی شیکاری بە سوود وەرگرتن لە زانستی ئاژەڵناسی و پاراستنی مافەکانیان بەکارهاتووە. سەرەتا ناساندنێک بۆ ڕەخنەی ئیکۆلۆژی و ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی بەشێوەیەکی تیۆری کراوە، دواتر لەژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی و یاساکانی پاراستنی مافی ئاژەڵانەوە دەقە شیعریەکانی "خولێک بۆ فێربوونی گریان" شیکردنەوەی پێویستیان بۆ کراوە.

سنوری ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدایە و لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسییەوە لێکدانەوە بۆ شیعرەکانی ”خولێک بۆ فێربوونی گریان“ وەکو کەرەستەی پراکتیکی توێژینەوەکە دەکات. ئەو پرسیارنەی لەم توێژینەوەیە وەلام دەدرێنەوە بریتین لە: ئایا پەیوەندی نێوان ئەدەب و گیانەوەران چۆنە؟ چ جۆرە گیانلەبەرێک بەکارهاتووە؟ ئایا مەزراندنی ئاژەڵ لەلای قوبادی جەلیزادە تا چ ڕادەیەک لەگەڵ یاساکانی پاراستنی مافی ئـاژەڵان دێتەوە؟ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵان و ڕەنگدانەوەیان لە دەقە ئەدەبییەکان بە گشتی و لە دەقی ”خولێک بۆ فێربوونی گریان“ دا بە تایبەتی. ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە لە کۆتاییشدا پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی پێشکەش کراوە، بەشی یەکەم دەروازەیەکی تیۆرییە، چەند بابەتێک لە خۆ دەگرێ، ئەوانیش(ڕەخنەی ئیکۆلۆژی- زاراوە و پێناسە، ڕەخنـەی ئیکۆ ئـاژەڵنـاسی- مێژوو و زاراوە و پێناسە، ماف و ئەرکی ئاژەڵان لە ڕووی ئاینییەوە، ڕەنگدانەوەی ئاژەڵ لە ئەدەبی کوردیدا). لە بەشی دووەمیشدا تیشک خراوەتەسەر بابەتەکانی(پاراستنی مافی ئاژەڵان ”ئازارنەدانی ئاژەڵان، ڕاونەکردن و ئازادبوونی ئاژەڵان، ڕێزگرتن لە ئاژەڵان، شوێن و پەناگەی ئاژەڵان“، ئاژەڵ وەک بەشێک لە نیشتیمان، خۆزگە خواستن بە ژیانی ئـاژەڵان) و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەیان لە دەقە شیعرییەکانی ” خولێک بۆ فێربوونی گریان ”دا.

پێشینەی توێژینەوە

لە ئەدەبیاتی کوردیدا تەنیا چەند توێژینەوەیەکی کەم لەبارەی ڕەخنەی ئیکۆلۆلۆژیەوە نوسراون، بۆ نموونە: د.سۆران مامەند عەبدوڵلا/ ٢٠٢٣ ”ڕەخنەی ئیکـۆلـۆژی لـە شیـعری هـاوچـەرخی کـوردیـدا- بەنموونە شیعرەکانی- شێرکۆ بێکەس و سەباح ڕەنجدەر“ لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی- شیکارییە، توێژەر سوودی لە زانستی ژینگەناسی وەرگرتووە، تێیدا جەختی کردۆتە سەر ئیکۆلۆژی و ڕەخنەی ئیکۆلۆژی و جۆرەکانی، ڕەخنەی ئیکۆئاژەڵناسیش وەکـو یەکێک لە جۆرەکانی ڕەخنـەی ئیکۆلۆژی خراوەتەڕوو.

لە توێژینەوەیەکی تریشدا کە لەلایەن م.عومەر محەمەد سالح، د.هێرۆ عەبدولرەحمان مستەفا ، د. سافیە محەمەد ئەحمەد بەناوی ”ڕەخنەی ژینگەیی لە نامیلکەی شیعری (منداڵ و ژینگە)ی (محەمەد داریـــاس)دا“ بـڵاوکـراوەتـەوە. ئـەم توێژینەوەیە

پشت بە میتۆدی ڕەخنەی ژینگەیی بەستووە، بە تێکەڵکردنی بواری پەروەردەیی لە ئەدەبی منداڵاندا هەوڵدراوە شیعرەکانی (محەمەد داریاس) لەو نامیلکەیەدا لێکبدرێتەوە، لەم توێژینەوەیەدا ڕەخنەی ئیکۆئاژەڵناسی وەکو بەشێک لە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی باسکراوە.

بەپێی زانیاری توێژەر هیچ توێژینەوەیەکی سەربەخۆ و تایبەت لەبارەی ڕەخنەی ئیکۆئاژەڵناسیەوە لە ئەدەبی کوردیدا نەنوسراوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە.

١-١ڕەخنەی ئیکۆلۆژی :زاراوە و پێناسە

لێکۆڵینەوە لە ژینگە(ئیکولۆژیا)، بەمەبەستی ئاشکراکردن وڕونکردنەوەی هەڵوێستی مرۆڤ بەرانبەر بە دیاردە ژینگەییەکان و کاریگەرییەکانی پەیدابووە، ئیکۆلۆژیا (ژینگەناسی) (( ئەو زانستەیە کە پەیوەندییەکانی نێوان گیانلەبەران و سروشت و لەلایەکی دیکەشەوە لە کاریگەری نێوان گیانلەبەران دەکۆڵێتەوە)) (حبیب،٢٠١١:٥٠٤)، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەموو پێکهاتەکانی ژینگە پەیوەندی و کاریگەری لە نێوانیاندا هەیە. بابەتی ژینگەناسی پەلی هاوێشتووە بۆ لێکۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان، بۆیە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە بابەتی ژینگەناسییەوە هاتۆتە ئاراوە، چونکە(( ەە قۆناغی دوای نوێخوازییەوە -post modern ism" کە زیاتر ساڵانی حەفتاکان و نەوەدەکانی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە- بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی جیهانیی گۆڕانکارییەکی گەورەی بەخۆوە بینی و چەندان تیۆر و میتۆد و ئاراستەی ڕەخنەیی نوێ هاتنە ئاراوە. لەمانە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی))(محەمەد، ٢٠١٨ :٤٣١). ڕەخنەی ئیکۆلۆژی تەنیا لێکۆڵینەوە نییە لە سروشتی لایەنە جوانەکانی ڕوەک و گیانەوەران وەکو ئەوەی لە ئەدەبدا هاتووە، بەڵکو سروشت لێرەدا((مانای تەواوی ژینگەی فیزیکییە کە لە مرۆڤ و غەیرە مرۆڤ پێکهاتووە))(Mishra, 2016: 168). سیستەمی ژینگەی تەندروست ئەوەیە کە هاوسەنگی نێوان مرۆڤ و جیهانی سروشت بپارێزێت، کە هەردەم لە پەیوەندیدان، بۆیە پێویستە هەماهەنگیەکی تەواو لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی سروشدا هەبێ و هیچیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ نەبن.

ڕەخنەی ئیکۆلۆژی-( النقد البيئي –-Eco criticism) لە لێکۆڵینەوەکاندا بە چەندین زاراوە و دەستەواژە ناونراوە، وەکو( ڕەخنەی سەوز، شیعریەتی ژینگەیی، ڕەخنەی ئەدەبی ژینگەیی،لێکۆڵینەوەی کلتووری سەوز، ئەدەبی سەوز ، ئیکۆلۆژی ئەدەبی)(عەبدوللا ، ٢٠٢٣: ٩٣).

ڕەخنەی ئیکۆلۆژی چەندین پێناسەی بۆ کراوە، بۆ نموونە لە فەرهەنگی "کلیلدان"دا بەم شێوەیە هاتووە، کەوا ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ((ئەو ڕەخنەیەی کە لە پەیوەندی نێوان زمان و ئەدەب و گرفتی "مرۆ- سروشتی" دەکۆڵێتەوە و دەیکات بە بنەمای سەرەکی))(بەرزنجی و بەرزنجی،٢٠٢٤: ٢٤١). هەروەها لە گشتگیرترین پێناسەشدا ئەوەیە کە دەڵێت: ((ڕەخنەی ئیکۆلۆژی ئەو جۆرە ڕەخنەیەیە، کە لەبەر ڕۆشنایی تیۆرێکی ژینگەیی، گرنگیی بە لێکۆڵینەوەی تێکست و گوتارە ئەدەبییەکان دەدات، واتە لەنێو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، لە پێگەی ژینگە و سروشت و زەوی و شوێن دەکۆڵێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی خستنەڕووی ڕوانینی نووسەر و هونەرمەندان دەربارەی کێشەو بابەتەکانی ژینگە)) (محەمەد، ٢٠١٨: ٤٣٣).

ڕەخنەی ئیکۆلۆژی گەلێک جۆر وبواری لە

ئەدەبدا هەیە، (د.سۆران مامەند) لە تێزی دکتۆراکەیدا بەمشێوەیەی خوارەوە دەستنیشانی کردوون:

١-ئیکۆلۆژیای قووڵ/فەلسەفەی ئیکۆلۆژی

٢-ئیکۆ فیمینیزم/ فیمینیزمی ژینگەیی

٣- ڕەخنەی ئیکۆ شوانکارەیی/ ژینگەیی شوانکارەیی

٤- ڕەخنەی ئیکۆپۆست کۆلۆنیالیزم/ ژینگەیی قۆناغی دوای داگیرکاری

٥-پەیوەندی پۆست کۆلۆنیالیزم بە ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە

٦- ڕەخنەی ئیکۆسایکۆلۆژی/ ژینگەیی دەروونی

٧-جەنگ و ئیکۆلۆژی(ئیکۆلۆژیای جەنگ)

٨- ئیکۆ مارکسیزم/مارکسیەت و ڕەخنەی ئیکۆلۆژی

٩- ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی

١-٢ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی(مێژوو و زاراوە و پێناسە):

ئاژەڵ[١] بە درێژایی مێژوو سوود و گرنگی بۆ مرۆڤ هەبووە، وەکو پێویستیەکانی خواردن و پۆشین و کارکردن، تێڕوانین و بیرکردنەوەی ئەوکات لەبارەی ئاژەڵانەوە جیاوازیەکی زۆری هەبوو لەگەڵ بیرکردنەوەی ئێستا. دوای زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لەسەر پشتی زەوی ڕوویاندا، مرۆڤەکان لە کۆمەڵگایەکی شوانکارەیی بەرەو کۆمەڵگایەکی بازرگانی چوون، کە ئەمەش بووە هۆی مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ژیانی ئاژەڵان و بە کاڵاکردنیان، هەر لەبەر ئەم مەبەستەش چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر پرسی ئاژەڵان لەبوارە جیاجیاکانەوە کراوە. بۆ نموونە لەبواری ڕەخنەی ئاژەڵاندا کتێبی(The Animalizing Imagination) کە لەلایەن(Alan Bleakley)نوسراوە. نوسەر(( لەو کتێبەدا جیاوازی لە نێوان دەرکەوتنی ئاژەڵان دەکات لە سێ کایە یان ڕیزبەندی جیاوازدا: وەک بایۆلۆژی(وشەیی)، دەروونی(خەیاڵی) و چەمکی( ڕەمزی، هێمایی، دەقی)، ئەمە کارێکی جەوهەری بوو بۆ بەرەوپێشچوونی ڕەخنەی ژینگەیی، چونکە نوسەر زیاتر سەرنجی نەخستۆتە سەر بوونی بایۆلۆژی و دەروونی ئاژەڵان، بەڵکو بە تەواوی مانا و هێماکانی ئاژەڵانی لە دەق ، زمان، گوتار و دەروونی لەبەرچاو گرتووە. ڕێبازێکی لەم شێوەیە ڕێگەی بە خوێنەر دا، کە ئاژەڵەکان وەکو پێکهاتەیەکی کلتووری ببینێت و جیاوازی لە نێوان بوونی بایۆلۆژی و مانا ئەدەبییەکانی ئاژەڵ بکات)). (Birzo, 2019: 25)

هەر لەبارەی بابەتی پەیوەندی نێوان ئاژەڵ و ئەدەبدا ( Graham Huggan، Helen Tiffin) بە کتێبی (Postcolonial Ecocriticism: Literature, Animals, Environment)(ڕەخنەی ئیکۆلۆژی سەردەمی دوای کۆلۆنیالیزم: ئەدەب، ئاژەڵ و ژینگە)دا. کار لەسەر ئەو دەقە ئەدەبییانە کراوە کە لەدوای سەردەمی کۆلۆنیالیزم نوسراون، باس لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگە دەکەن، بۆچوونەکانیان لەبارەی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسیەوە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

ا- تاک و کلتوورەکانی مرۆڤ لە ئاست و سەردەمی جیاوازدا لەلایەن گروپە باڵادەستەکانەوە وەک "ئاژەڵ" مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و دەکرێت، کە جینۆسایدی مرۆڤ و بەکۆیلەکردنیان لەهەندێ حاڵەتدا بەردەوامە.

ب- مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵان لەسەر کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ژیان لە پێشبرکێدان.

پ- هەر هەوڵێک بۆ لێپرسینەوە و بەدواداچونی

---

١ – لەم توێژینەوەیەدا ئاژەڵ بە مانا گشتیەکەی وەرگیراوە، واتە مەبەست لێی سەرجەم زیندەوەران جگە لە مرۆڤ دەگرێتەوە.

جۆرەکانی ئاژەڵان لە دەقەکانی دوای سەردەمی کۆلۆنیالیزم، ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئاژەڵان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، یان پێگەیەکی تایبەتیان پێدراوە کە لە هەندێک حاڵەتدا لە پێگەی مرۆڤ بەرزتر بووە. بۆ نموونە کۆچبەران لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا بە کەمتر لە ئاژەڵ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا.

ت- ئەو منداڵانەی کە برسی دەکران یان ئەو کەسانەی کە دەکوژران، زیاتر دەبنە هۆی نیگەرانی لەچاو نیگەرانی بەرانبەر ئاژەڵان(Huggan and Tif-fin, 2010: 135-137)..

توێژینەوە ڕەخنەییەکانی ئاژەڵان جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ ژیانی ئاژەڵان و شێوازی ژیانیان بەردەوام لە گۆڕاندایە. (( "Steven Best" لە وتارەکەیدا بەناوی "سەرهەڵدانی توێژینەوەی ڕەخنەی ئاژەڵان" پێی وایە کە توێژینەوەی لەبارەی ئاژەڵان وەک بوارێکی ئەکادیمی دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا لە ڕێگەی بە خۆماڵێکردنی سروشتی هەرەشەئامێزی ڕەخنەی باڵادەست بوونی مرۆڤ و چەوساندنەوەی ئاژەڵ لەلایەن مرۆڤەکانەوە))(El Kashlan, 2016:609).

زاراوەی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لە زمانی عەرەبیدا(النقد الحيواني او النقد اللاانساني) پێ دەگوترێت و لە زمانی ئینگلیزیش زاراوەی (Zo-ocriticism)ە، کە بۆ یەکەمجار لەلایەن( Hel-Graham Huggan، en Tiffin)لە پێشەکی کتێبەکەیان بەکاریانهێناوە.

ئاژەڵ و زیندەوەران وەکو بەشێک لە ژینگە هەر لەکۆنەوە بونەتە سەرچاوەی ئیلهامی نوسەران و ئەدیبان بۆ مەبەستی جیاجیا وەکو ڕەمز یاخود پاڵەوان لەنێو دەقەکان بەکاریانهێناوە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە ئاژەڵ وەکو میتۆدێکی ڕەخنەیی کارێکی نوێیە، بەو واتایەی کە ڕەخنەی ئیکۆئاژەڵناسی شێوازێکی نوێیە بۆ بابەتێکی کۆن لەناو ئەدەبیاتدا. سەبارەت بە مێژووی دەرکەوتنی (( ڕەخنەی ئاژەڵناسی ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توێژینەوانەی پەیوەندی بە ئاژەڵانەوە هەیە، ئەم توێژینەوانەش لەسەر فەلسەفە، ئاژەڵناسی و ئایین بنیادنراون))(عەبدوللا، ٢٠٢٣: ١٣٤).

ڕەخنەی ئاژەڵان (( سەرهەڵدانی ڕەوتێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، ڕێبازێکە بۆ لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە پەیوەندی مرۆڤ و ئاژەڵ بەیەکەوە لە میانەی دەقێکی ئەدەبیدا. ڕێبازێکی لەم جۆرە دیدگایەک لەبارەی سروشت پێشکەش دەکات لە ڕێگەی گرنگی دانێکی تایبەت بە ئاژەڵان و چۆنیەتی ژیانکردن لەگەڵ مرۆڤەکاندا)) (Limbu, 2020: 4).

ڕەخنەی ئیکۆئاژەڵناسی- لە پەیوەندیدا بە سروشتەوە-، ئەوا(( لقێکە لە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی و بە پلەی یەکەم باسی ڕۆڵ و دەرخستنی ئاژەڵان دەکات لە دەقەکاندا، بە تایبەتی لە دەقە ئەدەبییەکاندا، هەربۆیە ڕەخنەی ئاژەڵناسی وێنەی ئاژەڵان دەخاتە بەردیدی خەڵک و ئاژەڵان زەقدەکاتەوە))(Sen-gupta, 2015: 10). ئەم جۆرە ڕەخنەیە کار لەسەر هەموو بوار و ڕەهەندەکانی وەک( ماف، سوود، جوانی، دڕندەیی، ئەرک، میهرەبانی و ... هتد)ی ئاژەڵان دەکات.

بایەخدان بە ڕەخنەی ئاژەڵان بەو ڕاستییە ڕوون دەکرێتەوە کە پرسی ئاژەڵ یەکێکە لە کێشە ئەخلاقییە سەرەکییەکان، کە ڕووبەڕووی سەدەی ئێستا دەبێتەوە) (Birzo, 2019: 20، هەر بۆیە نوسەرانی ئەو سەردەمە وەکو ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتیمانی بۆ پاراستنی مافی ئاژەڵان بە

ڕوانین و دیدێکی جیاوازەوە ئاژەلان لە دەقەکانیان دەمەزرێنن، کەواتە دەکری بوترێ ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی کاریگەری لەسەر دەقی ئەدەبیدا هەیە و ئەدەب پەیوەست دەکا بە بابەتێکی زۆر گرنگ ئەویش گرنگیدان و پاراستنی مافی ئاژەڵانە.

١-٣ماف و ئەرکی ئاژەڵان لە ڕووی ئاینییەوە:

لە ئایینی ئیسلامدا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵان هاوسەنگ کراوە، لەبارەی سوود گەیاندنی ئاژەڵان بۆ مرۆڤەکان و سۆزو بەزەیی و ماف پێدانیان .

هەندێک لە ئاژەڵان لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) باسکراون، بۆ نموونە لە قورئانی پیرۆزدا چەند سورەتێک بە ناوی ئاژەڵان هەیە وەکو سورەتەکانی(البقرة، النمل، النحل، العنکبوت، الفیل، الانعام)، جگە لەمەش لە چەند ئایەتێک وەسف و باسی چەند ئاژەڵێک کراوە، هەروەک لە سورەتی (النمل) خوای گەورە باسی چەندین زیندەوەر دەکات هەروەک مێروو(مێروستان)، کەوا مێرووەکان وەکو مرۆڤەکان توانای بەڕێوەبردن و چاودێری و ڕێکخستنی مێرووەکانی دیکە و شانشینەکەیان هەیە، هەروەکو شانشینی هەنگەکان بەووردی ڕێکخراوە و ئەرکەکانیان جیاوازە. هەروەها لەم ئایەتانەدا ئاماژە بەوە دەکات کە مێرووەکان خاوەن زمانی خۆیانن و لەیەکتر تێدەگەن، بۆ نموونە کاتێ پێغەمبەر سولێمان(ر.خ) گوێی لە یەکێک لە مێرووەکان دەبێ گفتووگۆ لەگەڵ ئەوانی تردا دەکات، کە ئەمەش لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَوَرِثَ سُلَيۡمَٰنُ دَاوُۥدَۖ وَقَالَ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ عُلِّمۡنَا مَنطِقَ ٱلطَّيۡرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَيۡءٍۖ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلۡفَضۡلُ ٱلۡمُبِينُ (16) وَحُشِرَ لِسُلَيۡمَٰنَ جُنُودُهُۥ مِنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ وَٱلطَّيۡرِ فَهُمۡ يُوزَعُونَ (17) حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ قَالَتۡ نَمۡلَةٌ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ)(النمل:١٦-١٨). واتە((سولەیمان جێنشینی داودی باوکی بوو،ڕۆژێک وتی: ئەی خەڵکینە ئێمە فێری زمانی باڵندە کراوین و لە هەموو شتێکمان پێ دراوە، بەڕاستی ئەمە هەر فەزڵ و ڕێزێکی ئاشکرایە (لەلایەن خواوە پێمان بەخشراوە)- هەرچی سەرباز و لەشکری سولەیمان هەبوو لە پەری و ئادەمیزاد و باڵندەکان کۆکرانەوە و نمایشیان کرد بەریز و ڕێک و پێکی هەموویان، سەرەتا و کۆتایی یەکیان گرت- هەتا گەیشتە دۆڵی مێرووله، مێروولەیەکیان هاواری کرد و وتی : (بچنەوە ناو ماڵەکانتان، سولێمان و سەربازەکانی با نتانپلیشێنن لەکاتێکدا ئەوان هەستتان پێ ناکەن) )(محمدامین،٢٠٠٤: ٣٧٨). هەروەها لە سورەتی ئەنعام خوای گەورە دەفەرموێ: ((وَمَا مِن دَابَة فِي الأَرْضِ وَلاَ طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلاَ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَا فَرَطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْء ثُمَ إِلَى رَبِهِمْ يُحْشَرُونَ))(الانعام: ٣٨)، واتە (هیچ زیندەوەر و گیانلەبەرێک نییە بەسەر زەویدا بڕوات و هیچ باڵندەیەک بەباڵەکانی بفڕێت، ئەوانیش ئوممەت و گەلێک نەبن وەک ئێوە( لەروی دروستبونەوە دڵنیا بن) هیچ شتێک نییە پشت گوێمان خستبێت لە کتێبە(تایبەتیەکەی لوح المحفوظ)دا لەوەودوا هەر هەموو ئەوانە کۆدەکرێنەوە بۆ لای پەروەردگاریان (بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت و هەموو کەس مافی خۆی وەربگرێت، یان تۆڵەی ڕەوای لێ بسەنرێت) (محمدامین،٢٠٠٤: ١٣٢).

پێغەمبەر(د.خ) لە فەرموودەکانیدا باسی چەند ئاژەڵێکی کردووە، هەروەک ئاشکرایە پێغەمبەر موحەمەد(د.خ) کەسێکی ئاژەڵدۆست بووە و ئامۆژگاری خەڵکی کردوو، کە ئەشکەنجەیان نەدەن ونەیانکوژن و برسی و تینوو و زیندانی نەکرێن، هەروەها پێغەمبەر(د.خ) ئەمری پێکردووین بە

چاکی و باشی سـواری ئەو ئاژەڵانە ببن و نابێ باری زیادیان پێ هەڵبگرن ، چاکەیان لەگەڵ بکەن و ڕێز لە هەستەکانیان بگیرێت، هانی موسوڵمانانی داوە کەوا بە بەزەیی و میهرەبان بن بەرانبەریان، زیندانی کردن و پێنەدانی نان و ئاو بە تاوانێکی گـەورە دادەنـێت و بە پێچەوانەشەوە چاکەکردن لەگەڵیان دەبێتە هۆی لێخۆشبوون. هـەرووەک لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێ: ((بَيْنَمَا كَلْبٌ يُطِيفُ بِرَكِيَّة قد كَادَ يَقْتُلُهُ العَطَشُ إذ رَأَتْهُ بَغِيٌّ مِنْ بَغَايَا بَنِي إِسْرَائِيلَ، فَنَزَعَتْ مُوقَهَا فَاسْتَقَتْ له بهِ فَسَقَتْهُ فَغُفِرَ لها بِهِ))(https:// com.hadeethenc )، واتە ئەو ژنە ئیسرائیلیەی کە سەگێکی تینووی ئاوداو چاکەی لەگەڵ کرد، خوا گـەورەش لەپای ئەو چاکەیە لێی خۆشبوو، واتە ڕەحم و میهرەبانی مرۆڤەکان بۆ ئاژەڵان، چاکەیەکە خودای گەورە پاداشتی دەداتەوە.

تێڕوانینە ئاینییە- گرنگیدان بە ئاژەڵان- لە دەقە ئەدەبییەکانی نوسەر و شاعیرانی هاوچەرخیش ڕەنگیداوەتەوە.

## ١-٤ ڕەنگدانەوەی ئاژەڵ لە ئەدەبی کوردیدا:

پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئاژەڵ هەر لە کۆنەوە هەبووە، بەگشتی شاعیران ئیلهامیان لە سروشت وەرگرتووە، ئاژەڵانیش وەکو بەشێک لەو سروشتە بۆ چەندین مەبەستی جیاجیا لە شیعرەکانیاندا بەکار هاتووە. لە ئەدەبی کوردیدا هەر لەگەڵ یەکەمین بەرهەمەکانی فۆلکلۆرەوە، ئاژەڵ بۆتە بەشێک و کەرەستەیەکی ئەدەب، بۆ نموونە لە پەندی پێشینانی کـوردیدا قسە و بـاس لـەسـەر چەندین ئـاژەڵ و باڵندە و مێرووەکان کراوە، بەمەبەستی گەیاندنی پەیامێک لەدوای ڕووداوی ئەو چیرۆکەی پشت ئەو پـەنـدەدا، هەرچەندە پەندەکان لەڕواڵەتدا سـادەو ساکار دەردەکەون، بەڵام لە قسەی ئاسایی ڕۆژانە جیاوازە، بۆ نموونە لە پەندی:

(هـەمـوو گیاندارێک گۆشت خـۆرە بـەس ناوی گورگ بەدە)(خاڵ، ؟ : ٤٤).

واتە لەناو کۆمەڵگادا کەسی خراپ زۆرە، بەڵام بەشی زۆری خراپەکان بەسەر کەسی بێبەخت دەشکێتەوە. لـەو پـەنـدەدا گـورگ سیفەتی مرۆڤی بەدبەختی دراوەتەپاڵ.

نالی وەکـو شاعیرێکی کلاسیکی کـوردی لەو شیعرەی کە بۆ کەرەکەی نوسیووە بەیەکێک لە سەرەتاکانی دەقی شیعری کوردی دادەنرێت کە هەستی ئاژەڵدۆستی تێدابێ، کە دەڵێ:

هەر کەرێکم بوو چ پەیکەر؟ تەی کەری هەوراز و لێژ
سینە پان و مووچە کورت و شانە بەرز و گوێ درێژ
بن زگ و جەبهەت سپی کلک بژ و دامەن سیاه
یەک کەناس و سێ بڕ و دوو باد و وشەش دانگ و درێژ
کەللە وەک جەڕڕەی شەراب و پڕ نەشات و تەڕ دەماغ
شێری نەڕ ، ئاهوویی بەڕ، گورگی سەفەر قەمچی نەچێژ
مل عەلەم، شیرین قەڵەم، ئاهووشکەم مەیموون قەدەم
سم خڕ و کلک ئێستر و مەنزل بڕ و عارەق نەڕێژ
زەرق و زەراقی وەکو خاکستەر ئەمما بێ غوبار
بەرق و بەراقی وەکو پیرۆزە ئەمما بێ کرێژ
هێندە پێم خۆش بوو زمانی حاڵی دەیگوت (نالی) یا!
هەردوو حەیوانین ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ
درێژ(دیوانی نالی، ١٩٧٦ :٢٢٤-٢٢٨)

لەو شیعرەدا نالی سـەرەتا وەسفێکی ڕووکەشی کـەرەکـەی دەکـات، دواتـر باسی کەڵک و وەفـا و چاکییەکانی دەکـات و بـەراوردی دەکـات لەگەڵ مرۆڤی بێ کەڵک، کە نەک هەر بێ کەڵک بن، بەڵکو زیانیش بە دەوروبەرەکەی دەگەیەنێ. لە کۆتا دێری ئەم شیعرەدا کەرەکە وەڵامی نالی دەداتەوە و دەڵێ: هەردووکمان ئاژەڵین، تەنیا ئەوە هەیە تۆ گوێت کورتە، منیش گوێم درێـژ.(خـەزنـەدار، ٢٠٠٣ : ١٠٩).

کەواتە لێرەدا قسەکردنی کەر و خۆبەراوردکردنی لەگەڵ نالی، شاعیر سیفەتی مرۆڤی داوەتە پاڵی و بەچاوێکی بەرزەوە سەیری دەکات.

هەرچی شیعری نوێ و هاوچەرخی کوردیە، گرنگی دان بە ئاژەڵ و باڵندەکان لە دەقی شیعری شاعیراندا بە ڕوانین و تێگەیشتنێکی جیاوازتر پێشکەش دەکرێن، ئەمەش دوا بـەدوای هەوڵی یونسکۆ بووە کە لەبارەی جاڕنامەی مافی ئاژەڵان کە لە ساڵی ١٩٨٩ لـەلایـەن یەکێتی نێودەوڵەتی مافەکانی ئـاژەڵان دارێـژراوە و لـە ساڵی ١٩٩٠ بڵاوکرایەوە، کە مەبەستی سەرەکی ئەو جاڕنامەیە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گیانلەبەرانی دیکەیە، کە بوە هۆی زەق کردنەوە و زیادبوونی هەستی ئاژەڵدۆستی. بۆیە هێنانەوەی ناوی ئاژەڵ وباڵندەکان بەرگێکی تری پۆشی، بۆ نموونە لە شیعری (دەفتـەری سـوور)ی عەبدوڵڵا پەشێودا، شاعیر پێشنیازی پاراستنی خۆی دەکات لەلایەن یونسکۆوە، هـەروەک چۆن ئـاژەڵان دەپارێزێ و دەڵێ:

ولاتانی تێری جیهان
دەفتەرێکی سووریان هەیە،
بۆ ئەو مەل و گیاندارانەی
کە کوشتنیان قەدەغەیە.

تکا دەکەم لە یونیسکۆ،
لە دەفتەرە سوورەکەیدا
ناوی منیش تۆمار بکا.
لە ڕاوکەر و بازرگانان
کەوڵ و پێستم ڕزگار بکا.

ئەمن چ بکەم!
نە خزۆکم، خشپەیەک هات،
بۆ زەنۆڵێک تێتەقێنم،
وەک با تەی خەرەند و هەڵدێر و تەلان.
نە دەعباشم،
بە کەڵبە بێچوو هەڵگرم،
کونەشاخێک بکەم بە لان!

ئەمن چبکەم!
نە باڵندەم
دەرگەی ئاسمان ڤەکەم بە باڵ.
نە ماسیشم
ناخی دەریا پەنام بدا و
پەی پێم نەبا چاوی خەیاڵ...
من هەم و نیم دووپییەکم،
کەچی ئەوا زەردەواڵەی دووپێ دەمخۆن،
تێم ئالاون
لە ڕاست و چەپ، لە خوار و ژوور.
سەرتاپام هەمووی برینە،
پەنام بدە،
دەخیلت بم، دەفتەری سوور! (پەشێو، ٢٠١٤: ٢٩-٣٠)

لەو شیعرەدا پەشێو ئاماژە بە بابەتەکانی ماف و بازرگانی کردن بە ئاژەڵان دەکات، خۆی دێنێتە ڕیزی گیانلەبەران و داوای مافی پاراستنی ژیانی دەکات، کەوا دەیبەستێتەوە بە بابەتەکانی سیاسی و نیشتیمان پەروەری و پاراستنی ژیانی لەدەست دوژمنانی میللەتی کورد.

بەمپێیە ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی کار لەسەر ئەو دەقانە دەکات، کە کاریگەری لەسەر خوێنەر بەجێدەهێڵێت، تاکو ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریان بەرز بکاتەوە و بەچاوێکی جیاوازتر لە پێشتر لە ئاژەڵان بڕوانن، چونکە ڕەخنەگرانی ئەم جۆرەی ڕەخنە پێیان وایە لەمەودوا ئەدەب دەبێ لە ئاستی

قڕکردنی ئاژەڵان و پێشێل کردنی ماف و ئازاردان و بە بازرگانی کردنیان بێ دەنگ نەبن و هەڵوێست وەربگرن.

شاعیرانی هاوچەرخی کوردیش بە پەرۆشی و هەستکردن بەو مەترسیانە و گۆڕانی ڕوانینیان لەسەر ئەو بابەتە بەشێوەیەکی جیاوازتر ئاژەڵ و گیانلەبەر و زیندەوەران لە شیعرەکانیاندا دەمەزرێنن. قـوبـادی جـەلـیـزادەش یەکێکە لـەو شـاعـیـرە بە توانایانەی لەو بوارەدا گەلێک شیعری هۆنیوەتەوە، لە بەشی دوومی ئەم توێژینەوەیەدا بەوردی و لەژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسییەوە شیعرەکانی (خولێک بۆ فێربوونی گریان)دەخرێتە بەرباس.

## ٢ – بەشی دووەم: بنەما و ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی لە(خولێک بۆ فێربوونی گریان)ی قوبادی جەلیزادەدا:

ئـاژەڵان بە هاوبەشی ڕاستەقینەی مـرۆڤ و بە پێکهاتەیەکی سـەرەکی دادەنرێت لە سروشت و ژینگەدا. ژیانکردنی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵاندا، زۆرجار بۆتـە یـارمـەتـیـدەری مـرۆڤ و سـوود وەرگـرتـن بۆ بەردەوامبوونی ژیانی پشتی پێ بەستووە، لە بەرانبەریشدا هەندێ ئـاژەڵـی دیکە هـەن بونەتە سەرچاوەی ترس و تۆقین بۆ مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە ژیانە لەنێوان ئاژەڵەکانیشدا هەیە، کەواتە ئاژەڵ ئامادەییەکی زۆری هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، هەربۆیە کاریگەری لەسەر ئەدەبیاتیشدا دەبێت، چونکە ئەدەب ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤەکانە، بۆیە هەموو جۆرەکانی ئاژەڵ لە ڕووی ناو و سیفەت و ڕەمز و... لە ئەدەبدا بەرچاو دەکەوێت.

(خـولـێـک بـۆ فـێـربـوونـی گـریـان) یـەکـێـکە لە بـەرهـەمـەکـانـی قـوبـادی جـەلـیـزادە لـە (١٧١)دەق پێکهاتووە، تایبەتمەندی ئەو بەرهەمە ئەوەیە کە هەر شیعرێک لە شتێکدا دەدۆزێتەوە و دەیـەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە خودی شیعرسازی زیاتر پرۆسەی دۆزینەوەیە نەک ئیلهام وەرگرتن لە پەیامهێن، بەڵکو دەبێ شاعیر شـوون هەڵگربێت و جێ پێی شیعر هەڵگرێت و خاوەن بیبین و چاویلکەی تایبەت بێت. شاعیر لەو دەقانەدا بەشێوەیەکی بەرچاو هەڵگری جیهانبینی ژینگەییە و زۆر گرنگی بە سروشت و ژینگە و مەسەلەی بابەتی ژینگەدۆستی داوە، هەموو بـەش و پێکهاتەکانی ژینگە ئامادەیی لە شیعرەکانیدا هەیە. لەم توێژینەویەدا ئەو شیعرانەی پەیوەندی بە ماف و ئەرکی ئاژەڵ و ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسییەوە هەیە دەخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ پشت بەو بابەت و ڕەهەند و تێکچڕژانەی نێوان ئەدەب و ئاژەڵ ببەستین و کار لەسەر جاڕنامە و ماددە و یاساکانی پاراستنی مافی ئاژەڵان بکەین.

### ٢-١ پاراستنی مافی ئاژەڵان:

جاڕنامەی جیهانی مافی ئاژەڵان لە ساڵی ١٩٨٩ لە پاریس جـاڕدرا. لە دەقی جاڕنامەکەدا ژیانی هاوبەشی گیانلەبەران و فرەچەشنی بونەوەران و دۆخ و پەرەسەندنیان لـەبـەرچـاو گـیـراوە، کە ئەوانیش خـاوەن مافن و ئـەم جیهانە هـەر تەنیا هـی مـرۆڤ نییە، بـەڵـکو بـونـەوەرانـی دیکـەش مافی خاوەندارێتیان لـەسەر ئەم زەویـەدا هەیە. لەپەرلەمانی کوردستانیش چەند جارێک پرسی ماف و پاراستنی ئاژەڵان خراوەتە بەرنامەی کار و یاسای پێ دەرچووە، کۆتا یاسا، یاسای ژمارە(١٤) لە ساڵی ٢٠٢٢ دەرچووە لەچەند ماددەیەک پێکدێ و پاراستنی هەموو جۆرەکانی غەیرە مـرۆڤ و بەتایبەتی ئاژەڵی ماڵی و بێلانەکان خراوەتە بەرباس ، تەوەرەکانیش بریتیبوون لە ( پاراستن، تەندروستی،

شوێن و پەناگە، بازرگانیکردن، ئازاردانی بە ئەنقەست، ژەهراویکردن، کوشتنی بەشێوەی درندانە، زیندانیکردن، زۆر خۆراک پێدان بە مەبەستی زیادبوونی کێش، شێوازی گواستنەوەیان، بەکارهێنانی ئاژەڵ لە تاقیکردنەوەکاندا بۆ مەبەستی پزیشکی،... هتد)بوو. پێشێلکردنی هەر ماددەیەک لەو یاسایە سزای خۆی هەیە.

ئەو بابەتانەی سەرەوەو چەند بابەتێکی دیکەش کە پەیوەندی بە نەمانی نەژادی جۆرە دەگمەنەکان و پاراستنی مافی ئاژەڵ و گیانلەبەر و زیندەوەرانی کێویە، تەوەری گرنگی داکۆکیکردنە لە دەستەبەرکردنی ماف و ئەرکی ئاژەڵان، چونکە (مافی ئاژەڵان بنەمایەکی ئەخلاقییە لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراوە کە ئاژەڵەکان شایەنی ئەوەن بەو شێوەیە بژین کە دەیانەوێت، بەبێ ئەوەی ملکەچی خواستەکانی مرۆڤ بن(zaniary.com)) شنە شەماڵ ١٥/١١/٢٠٢٣) پێویستە مرۆڤ ئەوە قبوڵ بکات کە بەشێکە لە سروشت و دوورکەوێتەوە لە قۆرخکاری.

قوبادی جەلیزادە وەکو شاعیرێکی هاوچەرخ و نوێخوازی کوردی، بە پەرۆشی و هەستکردن بەو مەترسیانە و گۆڕانی ڕوانینیان لەسەر ئەو بابەتە بەشێوەیەکی جیاوازتر ئاژەڵ و گیانلەبەر و زیندەوەران لە شیعرەکانیدا دەمەزرێنێ. لە خوارەوە هەندێک لەو بنەما و مافانە لە دەقە شیعریەکانی(خولێک بۆ فێربوونی گریان)دەخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە.

٢-١-١ ئازارنەدانی ئاژەڵان :

ئازارنەدانی ئاژەڵان و پاراستنیان و مافی مانەوەیان لەژیان و ژینگەی سروشتی خۆیاندا، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕەخنەی ئیکۆئاژەڵناسی، کە ئەمەش خۆی لە چوارچێوەیەکی گشتگیرتر دەبینێتەوە ئەویش ڕەخنەی ئیکۆلۆژییە، بۆیە لە ئەدەبیاتی کوردی و بەتایبەت لە شیعرەکانی "قوبادی جەلیزادە" ئەم مەسەلەیە نرخ و بەهایەکی زۆری پێدراوە و بە خەم و ئازارێکی زۆرەوە؛ ئەم ئازار و ئەشکەنجانەی بەرامبەر ئاژەڵان دەکرێت خستوویتەڕوو، ئەگەر سەیری دەقی شیعری (قرووسکە) بکەین، کاتێ دەڵێ:

هەریەکەو دارلاستێکی بەدەستەوەیە،
چۆلەکە پێ دەکوژێ و
گلۆپی سەر دارتێلەکان پێ وردوخاش
دەکا
کە سەگێک،
پشیلەیەک
بە کۆڵانەکەماندا، تێدەپەڕێت
بەرد بارانی دەکەن.

ئەگەر لەناونیشانی دەقەکەوە دەست پێ بکەین شاعیر وشەی ( قرووسکە) ی هەڵبژاردووە و کردوویەتی بە ناویشانی دەقەکەی، هەڵگری مانا و دەلالەتی ژینگەییە و دەچێتە ئاراستەی ئیکۆ سەنتەر و گوزارشت لە ئێش وئازاری ئاژەڵان دەکاتەوە، کە بە واتای نوزانەوەو ناڵاندنی سەگ دێتن لەکاتی ئازاردان، شاعیر لەناو دەقەکەدا باس لە کۆمەڵێک ئاژەڵ دەکات، دەیبەستێتەوە بە ڕابردوو و ئێستایی ژیانییەوە، ئەویش ئازاردانی ئاژەڵەکانە لەلایەن منداڵانی گەڕەکەوە هەر لە کۆنەوە وەک دیاردەیەکی ناو کۆمەڵگەی کورد بوونی هەیە و بەردەوامیشە، بۆیە قوباد دەیەوێت لەڕێگە ئەم جۆرە شیعرانەوە هۆشیاری ژینگەیی و فێری کلتووری پاراستن و خۆشویستنی ئاژەڵەکانمان بکات، پەیامێکیشە بۆ ئەوەی منداڵەکانمان پەروەردەیەکی کلتوری ژینگەیی و بەتایبەتی هەستی خۆشەویستی و ئاژەڵدۆستیان

بکەین. ناوبراو بۆیەش ناوی ئەم ئاژەڵانی (چۆلەکە، سەگ، پشیلە) هێناوە، تەنانەت ئەم ئامراز و ئامێرەشی دەسنیشانکردووە، کە ئاژەڵەکانی پێ ئازار دراوە، ئەویش( دارلاستیکە و بەردە) بەژینگە و واقیعیی کۆمەڵگەی کوردییەوەی گرێداوەتەوە، چونکە لە کۆلانەکان و کۆمەڵگەی کوردی زیاتر ئەمانە دەبیندرێن و لەلایەن مرۆڤەکانەوە ئازارو ئەشکەنجە دەدرێن. شاعیر وەک ئاژەڵدۆستێک و مافپەروەرێکی ئاژەڵان، ب هەستێکی قووڵ و خەمێکی ئیکۆلۆژییەوە ئەم دەقەی نووسیوە، بەمەش دەقەکە دەبێتە دەقێکی تەواو ئیکۆئاژەڵناسیی و دەچێتە خانەی ئیکۆسیستەمەوە، کە ئامانجی دادپەروەری ژینگەیی و مانەوەی سوڕی ژیانە.

شاعیر لە کۆتایی شیعرەکەیدا دەڵێ:

ئێمە بیرمان چوو بە منداڵەکانمان
بڵێین؛
خودا،
پشیلەی خۆشگەرەکە،
هەر بۆیە؛
مشکی بۆ خوڵقاندووە.
سەگ برای ئێوەیە،
خودا لەنگۆی خۆشتر ویستووە،
بۆیە؛
سەگاندویەتی و
سەررێژی کردووە لە وەفا! (جەلیزادە٢٠٢٢: ١٣٥)

قوباد لەم دەقەدا، دەربڕینی (خودا پشیلەی خۆشگەرەکە)هێناوەتەوە، شاعیر خۆشەویستی خودا بۆ پشیلە پیشاندەدات، یان لە دەربڕینی(سەگ برای ئێوەیە)دا، سەگی وەکو هاوەڵی مرۆڤ پیشانداوە، بگرە خودا سەگی لە مرۆڤەکانیشی خۆشتر ویستووە و جوانترین سیفەتی پێ بەخشیوە ئەویش (وەفا) یە. شاعیر وەکو ئاژەڵدۆستێک دەیەوێ بڵێ: پێویستە ئێمەی مرۆڤ تا ئەو ئاستە رۆشنبیربین کەوا منداڵەکانمان فێربکەین و وشیاریان بکەینەوە و ئامۆژگاریان بکەین، کە لەرووی ئەخلاقی و ئایینیەوە نابێ ئاژەڵان ئازاربدەین، هیچ ئاژەڵێک بۆ ئەوە دروست نەکراوە تا ئازاری بدەین و هیچ ئاژەڵ و باڵندەو گیانلەبەرێک زیاد نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ هاوسەنگی سروشت پێویستن، چونکە ئەوانیش مافی ژیانیان لەسەر ئەم زەوییەدا هەیە.

## ٢-١-٢ راونەکردن و ئازادنەبوونی ئاژەڵان:

گرتن و ڕاوکردنی ئاژەڵان لەلایەن مرۆڤەکان و رێگە نەگرتنی سیستەم و سیاسەتی دەسەلاتی وڵات بۆ ئەو دیاردەیە بۆتە هۆی ترس و سەندنەوەی ئازادی لە ئاژەڵەکان، هەرچەندە بە پێی ماددەکانی یاسایی پاراستنی مافی ئاژەڵان بەتایبەتی ئاژەڵی کێوی و دەگمەنەکان ئەمە تاوانە و سزای یاسایی لەسەرە. جێبەجێنەکردنی سزاکەش مەترسییەکی گەورەترە لەسەر ژیانی ئەو ئاژەڵانە. ئاژەڵ وەکو بەشێک لە ئیکۆ سیستم، لەناوبردن و ڕاوکردنیان، تەنانەت پشتگوێ خستنیشیان دەبێتە هۆی لاسەنگ بوونی ژینگە و مەترسی لەدواوەیە. ڕاوکردنی ئاژەڵان لەلایەن مرۆڤەوە بۆ چەند مەبەستێکەوەیە، وەک( بازرگانی، پێویستی خۆراک، بۆ خۆشی گەیاندن، بەکارهێنانیان لە تاقیکردنەوەکان، ...هتد)، قوباد لەبارەی ڕاوکردن و هۆی ڕاوکردنەکەی لە شیعری(یەکەم جار)دا دەڵێ:

پۆڕێکی قەڵەوم ڕاوکرد
و
لەسەر ئاگردانێدا برژاندم
منداڵێک،
لەبرسانا زگی دەگوشی
یەکەم جارم بوو باڵندە ڕاو بکەم (جەلیزادە٢٠٢٢: ٢٠٠)

لەم دەقەدا شاعیر ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە ڕاوکرنی باڵندەی پۆڕ کردووە، کە بۆ مەبەستی ڕزگاربوونی منداڵێک بووە لە برسیەتی وەکو جۆرێک لە سوود گەیاندن هاتووە، بە واتایەکی دیکە مرۆڤ و ئاژەڵ تەواوکەری یەکترن لە پێکهێنانی سروشتدا، بۆیە ئەمەش تا ڕادەی پێویستی ڕێگە پێدراوە و لە ڕووی ئاینییەوەش خوای گەورە گۆشتی هەندێک ئاژەڵی حەلاڵ کردووە، شاعیر هەرچەندە وەکو کارێکی مرۆڤانە باسی دەکات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لەگەڵ ڕاوکردنی ئاژەڵاندا بێ، چونکە هەر لە ناونیشانی دەقەکەوە نیاز پاکی خۆی ڕادەگەیەنێ و لە کۆتا دێڕیشدا دووبارەی دەکاتەوە ، کە یەکەم جاریەتی ڕاوی ئاژەڵ بکات.

شاعیر لە شیعری (هەڵفڕین)دا دەڵێ:

لەگەڵ پیاوە جوانەکاندا، مەستبووین
شەو زۆر درەنگ گەڕاینەوە شار
داروو بەرد،
وێنەی ژن و پیاوە پالاوتەکانی پەرلەمان بوو
پڕ بووین لە؛
بێتاقەتی و
هێڵنج.
پێچم کردەوە بۆ باخچەی ئاژەڵان
ملوانکەیەکم کردە گەردنی خاتوو مەیمونێک، کە
مۆزێکی بەدەستەوە بوو
بەکارمامزێکی دیلم گوت، بۆ تا هەنووکە نەخەوتووی
کێژۆڵەی چاوڕەش
دەستم بە بژی ئەسپێکی سپی داهێنا دەتگوت ئاوریشمە
بە بێجامەی میلمیلەوە پاڵکەوتبوون- ڕەوە کەرێکی
زێبرا
پۆلێک کۆتری پەڕ لەپێ، خەونیان بە هەڵفڕینەوە دەبینی.
کەلەشێرێکی ڕەنگاوڕەنگ ژێیەکانی قورگی دۆزان
دەکردو خۆی گیف کردبووەوە بۆ بانگدان.

(جەلیزادە٢٠٢٢: ١٠١)

شاعیر لەم شیعرەدا کۆمەڵێک ئاژەڵی کێوی و ماڵی لە شوێنێکی تایبەتی دروستکراوی دەستی مرۆڤەوە مەزراندووە، خودی ناو هێنانی- باخچەی ئاژەڵان- واتە سەربەخۆنەبوونیان. ئاژەڵدۆستان بەردەوام داکۆکی لەسەر یاسای ئازادبوونی ئاژەڵان دەکەنەوە، کە ئەمەش خاڵێکی بەهێزە لە یاساکانی پاراستنی مافی ئاژەڵان و لە ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسییەوە گرنگی تەواوی پێدەدرێ، بابەتی ڕاوکردن و دەست بەسەرداگرتنی هەر یەک لەو ئاژەڵانە لەلایەن مرۆڤەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر تەواوی سیستەمی ژینگەیی و ژینگەی ئاژەڵان دەبێت، چونکە بوونی ئاژەڵان لە سیستەمی ژینگەدا پێویستیەکی حەتمییە، هەرچەندە باخچەی ئاژەڵان وەکو شوێنێکی گەشتوگوزاریی دروست دەکرێت و خەڵک کاتێ سەردانی دەکات و لە نزیکەوە دەیانبینێ چێژ لە سەیرکردنیان وەردەگرێ، بەڵام پاراستنی مافی شوێنی حەوانەوە و خواردن و مامەڵەکردن لەگەڵیان ڕەنگە وەکو پێوست نەبێ. شاعیر لەو شیعرەدا خۆی- مرۆڤ- سەربەخۆ و ئازادە کە مەست و بێ خەم و دڵخۆشە، ڕوو لە باخچەی ئاژەڵان دەکات کە پێچەوانەیەتی، ئەمەش ڕێک دژی بیروبۆچونەکانییەتی، بۆیە قوبادی جەلیزادە لەو ڕوانگەیەوە دەیەوێ ئەگەر نەشتوانێ ڕێگری لەو مەترسی وێرانکارییەی بەسەر سروشت بە گشتی و ژینگەی ئاژەڵان بە تایبەتی دێ بکات، ئەوا لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە پەیامی سەربەخۆبوونی ئاژەڵان

و خۆشەویستی بۆ تـەواوی پێکهاتەکانی ژینگە بڵاوبکاتەوە، جیاوازیی نێوان مـرۆڤ و ئـاژەڵان پیشان بدات، چونکە ئاژەڵ و مرۆڤ لە ژینگەدا دوو پێکهاتەی گرنگن.

٢-١-٣ ڕێزگرتن لە ئاژەڵان:

ڕێزگرتن لە ئاژەڵان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسییەوە، هەروەها یەکێکە لەو خاڵانەی کە لە یاساکانی پاراستنی مافی ئاژەڵان جەختی لەسەر کراوەتەوە، لەلای شاعیر ڕێزگرتن لە چۆلەکەیەکی مردارەوەبوو ئەو پەڕی ماف پێدانە، چونکە( ڕەگەزی باڵندەکان بەهۆی ڕەنگاو ڕەنگی پەڕیـان و ئـاوازی دەنگیان هەمیشە جوانییەکی تایبەت بەم گەردوونە دەبەخشن، ئەمە جگە لەم سـوودەی کە بۆ گواستنەوە و گەیاندنی تۆوی گوڵەکان و خزمەتکردنی دار و درەخت ئەنجامی دەدەن)(عەبدوڵڵا، ٢٠٢٣: ٣١١). بۆیە باڵندەکانیش وەکو بەشێک لە ژینگەوە شاعیر لە شیعری(پرسە) دا بەم جۆرە ڕێزی لێ دەگرێ و دەڵێ:

لەناو باخەکەماندا،
چۆلەکەیەک مردار ببۆوە
ئاوسابوو.
مێرووله گۆشتەکەیان دەکێشایەوە شار.
بەپەلە؛
مێرولەکانم لێ دەرکردو
کفنێکم بۆ بڕی لە قوماشی گیا
بە تەنیشت بنکە گوڵێکەوە گۆڕێکم بۆ هەڵکەندو
ناشتم.
لە گەڵای ڕۆبینیا خێوەتێکم بۆ هەڵدا
هەرچی باڵندەو
هەنگ و
پەپولەبوو،
بۆسەرەخۆشی هاتن.
بۆ پێشوازی،
پۆلێک قومری بەپێوە وەستابوون
هەرسیَ ڕۆژی پرسەکەش
کەناری ئاوازی دەخوێند.(جەلیزادە٢٠٢٢: ١٠٤)

شاعیر لەم شیعرەدا باس لە ماتەمینی و پرسەی مردوان دەکات، هەروەک چۆن مەراسیمی ناشتن و دانانی پرسە وەکو داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەیە. ئەمەش بۆ ڕێزگرتن و دوایین وەفـایـە بۆ کەسی مـردوو و دڵنەوایی کەسە نزیکەکانیەتی، شاعیر دەیـەوێ ئەو ڕێز و وەفایە لە کۆمەڵگەی ئاژەڵانیشدا بەرجەستە بکات. لەم دەقـەدا هەموو پێکهاتەکانی ژینگە لە خزمەتی یەکتردان. کفنی چۆلەکە لە قوماشی گیایە و خێوەتی دانانی پرسە لە گەڵای ڕۆبینیایە و بەڕێوەبردنی مەراسیمی پرسە لەلایەن چەند باڵندە و زیندەوەرێک بەڕێوە دەبرێت. ئەم شیعرە لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژیەوە پڕیەتی لەو وشە و دەستەواژانەی کە دەلالـەت لە ژینگە و سروشت دەکـەن. پەیامی سەرەکی شاعیر لەم دەقەدا خستنەڕووی هەستی ڕێزگرتنە لە ئـاژەڵان هـەروەکو مرۆڤەکان، واتە یارینەکردن و بریندارنەکردنی هەستی ئاژەڵانە لەبەر ئـەوەی هەندێکجار ئەو ڕێزنەگرتن و یاری کردنە کاردانەوەیەکی مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە و ڕەنگە ئاژەڵەکان ئازاری مرۆڤەکان بدەن، بۆیە شاعیر وەکو کەسێکی ئاژەڵدۆست و مافپەروەرێکی ئـاژەڵان ، ئـاژەڵان هاوتایی مرۆڤەکان دەکـات و ئامانجی پاراستنی مافەکانیانە، چونکە ئاژەڵیش وەکو مرۆڤ مافی خۆی هەیە و دەبێت مافەکانی پارێزراوبن.

٢-١-٤ شوێن و پەناگەی ئاژەڵان:

هەموو ئاژەڵێک چ ماڵی بێ یان کێوی پێویستی بە شوێنێکی مانەوەی شیاو هەیە. ئینجا سەر لق و پۆپی دارێک بێ یان کولانە و درزێکی ژێر زەوی بێ، یاخود دارستان و ڕووبار و چیا و پێدەشت و بیابانەکان بێ. پێویستە مافی شوێنی حەوانەوەیان پێ بدرێت، کە ئەمەش یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕەخنەی ئیکۆ ئاژەڵناسی و خاڵێکی گرنگە لە یاساکانی پاراستنی مافی ئاژەڵان. لەم بارەیەوە شاعیر لە شیعری(متمانە)دا دەیەوێ لە ڕێگەی هاوشوێنبونیان متمانەی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵان بگەڕێنێتەوە و دەڵێ:

لەسەر لقی درەختێک هەڵنیشتم
بەنیازبووم،
لەنێو دارستانەکەدا لانەیەک چێبکەم،
درەختێک پێی گوتم؛
بڕۆ مۆڵەت لە کۆتر وەرگرە

لەقەراخ ڕووبارێکدا،
حەزم کرد کوختێک دروست کەم و
تیایدا بحەوێمەوە.
قرژاڵێک پێی گوتم
پێشەکی بڕۆ،
بۆقێک بکە هاوڕێت.

ویستم لەبن کەپری مێوێکدا،
سەرخەوێ بشکێنم.
هەنگ پێی گوتم؛
جارێ بچۆ،
دەستبکەرە ملی گوڵ و
دڵی پەپوولە ئاشت کەرەوە ( جەلیزادە٢٠٢٢: ٧٥)

هەستی ژینگەدۆستی و ئاژەڵدۆستی شاعیر پڕاو پڕە، دەیەوێ بە شێوەیەکی ئاشکرا بیروبۆچونی خۆی نیشانبدات، لە ڕێگەی ئەو دەقەوە متمانەی لەگەڵ یەکتری ژیانکردن بۆ مرۆڤ و گیانلەبەرەکان دروست بکات، کە ئیتر مرۆڤەکان هیچی دیکە ئاژەڵان ئازارنادەن و مافیان لێ زەوت ناکەن، لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان خۆی و ئەواندا پەیامی داگیرنەکردن و زەوتنەکردنی شوێنی ژیانیان بەگوێی مرۆڤەکاندا دەچرپێنێ و بە مافی ڕەوای ئاژەڵانی دەزانێ کە لە شوێنێکی گونجاودا بژین. لەم شیعرەدا جگە لە ناو هێنانی کۆمەڵێک ئاژەڵ، چەند شوێنێکی تایبەت بەو ئاژەڵانە هاتۆتەوە، ئەم شوێنانەش(سەر لقی دار، لانە، قەراخ ڕووبار، دارستان، کوختێک، بن کەپر) کە دەلالەتێکی ژینگەییان هەیە و بە سروشت و ژینگەی کوردستانی بەستۆتەوە. بەمەش دەقەکە دەبێتە دەقێکی تەواو ئیکۆ ئاژەڵناسی و ئامانجی چەسپاندنی ماف و دادپەروەری ژینگەییە.

٢-٢ ئاژەڵ وەک بەشێک لە نیشتیمان:

نیشتیمان بە چەمکە گشتییەکەی مرۆڤ و سروشت لەخۆدەگرێت. سروشتیش هەموو پێکهاتەکانی(ئاو و هەواو خاک و زیندەوەران) دەگرێتەوە. ئاژەڵانیش وەک بەشێکی دانەبڕاو لەو نیشتیمانە لە هەرچی ڕوداووی خۆشی و ناخۆشییە تیاییدا بەشدارن، هەر بۆیە بە درێژایی مێژوو جۆرێک لە هاوڕێیەتی و سوود گەیاندن لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵاندا هەیە، ئەم پشکداربوونەی ئاژەڵان لەم نیشتیمانە خاڵێکی بنەڕەتییە بۆ پاراستنی تەندروستی و سەقامگیربوونی ئیکۆسیستەم. قوباد لە شیعری (دارشەق)دا، بە هەستێکی پڕاوپڕی ئیکۆلۆژیانەوە دایڕشتووە، کە ئەنجامی جەنگە جیهانییەکان چەند

کاریگەرییەکی خراپ و زۆریان لەسەر ژینگە و سروشت و ئاژەڵاندا دەبێ. جەنگەکانی لەیەکتر جیاکردۆتەوەو بەسێ مەوداو کاتی جیاواز و سێ کاریگەری و ئاکامی جیاواز باسیان دەکات و دەڵێ:

لەشەڕی یەکەمدا
تەنیا مرۆڤەکان
کەم
ئەن
دام
دەبوون.
لەشەڕی دوووەمدا
باخ و
پەپوولەو
کەروێشکیش.

لەم دوو پارچە شیعرەدا شاعیر ئاماژە بۆ جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان دەکات، کە لە سەدەی رابوردوو رویانداوەو چ ئەنجامێکی خراپی لەسەر مرۆڤ و گیانلەبەران هەبووە، قوباد ئەوەندە بە شارەزایی و وردییەوە باسی ئەم جەنگانەی کردووە، تەنانەت بە دیوێکی شاراوە و دەلالەتی پشت وشەکان پێمان دەڵێت: ئەگەر جەنگی یەکەم کاریگەری کەمبووە لەسەر جیهان، ئەوا جەنگی دووەم بەهۆی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا و دروستکردنی ئامێری پێشکەوتووی جەنگی و چاوچنۆکی وڵاتانی زلهێز بۆ داگیرکاری و فراوانکردنی سنووری جوگرافی لە رووی ئابووری و سەربازی و پیشەسازی...تاد، زەرەوزیان و وێرانکارییەکان زۆر لەوەی زیاتر بوو، بەجۆرێک ئاژەڵانیش لێبەدەر نەبوون، بۆیە شاعیر گیانلەبەرانی وەکو بەشێکی گرنگ و تەواوکەری مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییەدا هێناوەتەوە. پێمان دەڵێ ئەوانیش گرنگن و نابێ ببنە هۆی قوربانی جەنگی مرۆڤەکان و پاراستنیان لە ئەستۆی ئەواندایە.

لە کۆتاییشدا ئاماژە بۆ جەنگی سێیەمی جیهانی دەکات کە رەنگە لەداهاتوودا روبدات و دەڵێ:

لە شەڕی سێیەمدا
دەبێ بیر بکەینەوە لە سازکردنی،
کورسییەکی کەمئەندامی بۆ هەتاو
دارشەقێک بۆ هەواو
دوو چاوی شووشەش بۆ ئاو.(جەلیزادە٢٠٢٢ : ٨٥)

شاعیر پێشبینیەکانی خراپتر دەبێ و زەنگێکی مەترسیدارتر لێدەدات، بەوەی ئەگەر جەنگی سێیەمی جیهانی روویبدات، ئەوا بەهۆی جۆرەها چەکی ئەتۆم و ژەهراوی کە بەشێوەیەکی پێشکەوتوو دروستکراون و بەرهەم هاتوون . لە ئەگەری بەکارهێنانیاندا دەبێتە هۆی ئیفلیج بوونی هەموو جومگەکانی ژینگە و کاریگەریەکی دوور مەودا لەسەر تەواوی پێکهاتەکانی( هەتاو- هەوا- ئاو) ی سەر زەوی دروست دەکات. ئەم وێران بونەی ژینگەش دەخاتە ئەستۆی وڵاتانی زلهێز.

شاعیر لە شیعری(بیابان)دا دەڵێ:

گوندێک و
کەڵەشێرێک و
مێگەلە مەرێک و
شوانێک و
سەگێک هەبوون.
لێ؛
لەپڕ بزربوون.
پێدەشتێک هەبوو
ئەسپێکی سپی یاڵ رەش،
تیایدا،
دەلەوەڕاو غاردانێی دەکروو
دەیحیلاند
لێ لەبەرچاو بزربوون.

.....
لێرە؛
ڕووبارێک هاژەی دەکرد،
ماڵی؛
ماسی و
قرژاڵ و
بۆق و
کیسەڵ بوو.
لەپڕ وشکی کرد.
....
کۆترێک گەبوو سپی سپی
لە ئینجانەی هەموو بانیژەیەک
زەیتونی دەلەوەڕاند،
باڵی شکاو بەربۆوە خواریێ و مرداربووەوە.
لەبن سواندەی ماڵی بێوەژنێک
دوو پەرەسێلکە،
بەدوو هێلکەوە، هێلانەیان چۆڵ کردوو
هەڵفڕین
بەرە بەرە
هێواش هێواش وردە وردە
چۆڵ و هۆڵ دەبێ- نیشتیمان (جەلیزادە٢٠٢٢: ١٩٠-١٩١)

کاتێ سەیری ناونیشان و کۆتا دێڕی شیعرەکە دەکەین، شاعیر وشەی(بیابان)ی بۆ ناونیشانەکە داناوە کە بە مانای شوێنێکی وشک و ژینگەیەکی سەختی دژە ژیان دێت، لەگەڵ(چۆڵ و هۆڵ دەبێ- نیشتیمان) کۆتا دێرە، شاعیر جۆرە پێکچوونێکی لە نێوانیاندا کردووە، لەوانەیە لەڕووی ئەو بارودۆخە سەختە بێت کە نیشتیمان ڕووبەڕووی بۆتەوە. قوبادی جەلیزادە مەبەستی بارودۆخی سیاسی کوردستانە کە چەندین ساڵ خەڵکەکەی بە دەستی دوژمنانی گەلی کورد تووشی نەهامەتی و دەربەدەری بوونە، واتە مەبەستی لەو زوڵم و ستەمەی ڕژێمی پێشووی عێراقە کە حزبی بەعس بەرانبەر میللەتی کورد کروویەتی و ئاماژە بە پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و چۆڵکردن و سوتاندنی گوندەکان و ڕاگواستن و وشک بوونی کانیەکانی کوردستان دەکات. ئەمانە بونەتەهۆی کوشتن و بریندار‌بوونی هەزاران کوردی بێ تاوان ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە بەهۆی بەشداربوونی ژینگە و سروشتی باخ و گوند و کانی و کێڵگە و تـەواوی ئـاژەڵان لەو نیشتیمانە، بێگومان ئەوانیش بێ بەری نەبوونە لەو کارەساتانە، شاعیر بە کارەکانی(بزربوون، وشکی کرد، مـرداربـوو، چۆڵکرد)و ناوهێنانی کۆمەڵێک ئاژەڵ ئەو کارەساتانە پیشان دەدات، کە مەبەستی چۆڵبوونی ناوچەکەیە چ گیانیان لەدەست دابێت، یان کۆچیان بۆ ناوچەیەکی دیکە کردبێت، قوباد پەیامی ئەوەیە دەیـەوێ لە ڕێگەی ئەو شیعرەوە باس لە پاراستنی ژینگەی سروشتی و ژینگەی مرۆڤایەتی بکات، کە هـەردووکـیـان تـەواوکـەری یەکترن و بەیەکەوە سوڕی ژیان تەواو دەکەن.

## ٢-٣ خۆزگە خواستن بە ژیانی ئاژەڵان:

بەدرێژایی مێژووی ئەدەبی کوردی بە دید و تێڕوانینی جیاواز ئـاژەڵان لە دەقە شیعریەکاندا بوونیان هەیە، بـەڵام لای شاعیرانی هاوچەرخ و بەتایبەتیش قوبادی جەلیزادە بەشێوەیەکی جیاوازتر دەمەزرێنرێت، چونکە ئـەو لەڕوانگەیەکی ژینگە دۆستی و ئاژەڵدۆستیەوە دەقەکانی دەهۆنێتەوە و ئەم بابەتە لەلای ئەو گرینگیەکی زۆری پێدراوە. هەرچەندە لـەلای زۆربـەی مرۆڤەکان وا بـاوە کە بەچاوێکی کەمتر سەیری ئاژەڵ دەکرێت و زۆربەی جار دەچەوسێنرێنەوە، بەڵام شاعیر تێڕوانینێکی جیاوازی هەیە و لە ژیانی مرۆڤبوونی خۆی بێزارەو

خۆزگە بە ژیانی غەیرە مرۆڤ( زیندەوەر و ئاژەڵ وپەلەوەر و گیانلەبەران) دەخوازێ و لە شیعری (مارمیلۆق)دا دەڵێ:

حەزدەکەم ببم بە قالۆنچە،
پشقلێکی زل بدەمە پێش خۆم و بیگەیەنمە ماڵەکەم
تا زستان بەسەر دەچێ،
من و بێچوەکانم نەیەینە دەرەوەو
لەو قاورمە خۆشە بخۆین

شاعیر لەم پارچە شیعرەیدا دەیەوێ ژیانی ئاژەڵەکان بەرجەستە بکات، تا هەست بە خۆشی و ناخۆشیەکانیان بکات. ئەم کۆپلەیە هەر ئەوە نییە وێنەیەکی ژیانی قالۆنچە بکێشێ، بەڵکو مەبەستی دیکەی لەناخیدا هەڵگرتووە و دەلالەت لە کۆبونەوەی خێزان و یەکگرتنی ئەندامەکانی دەکات. لەهەمان کاتدا پەیداکردنی خۆراک بۆ بەردەوامی ژیان و ئارامی و دوور لە دەردەسەریەکانی جیهانی دەرەوە پیشان دەدات.

شاعیر خۆی دەخاتە ژیانی کەڵەشێر و دەڵێ:

حەز دەکەم
ماوەیەک ببم بە کەڵەشێر
لەناو پۆلێک مریشکدا قرتە قرتم بێ، کاتێک دەنکە گەنمێک
دەدۆزمەوە بۆیان
باڵەکانم پێک دادەم و سینگم دەرپەڕێنم
پەرە ڕەنگاو ڕەنگەکانم بدەمە بەر هەتاو
سەرم بەرز کەمەوەو بانگ بدەم
کەی ئارەزووم بوو بەسەر یەکێکیانا دافسم
تا بزانم
چ شکۆیەک لەو خۆگیف کردنەوە و قوقاندنەدا هەیە
فرەژنی چ سەروەریەکی پێیە
دافسین چ لەزەتێک دەبەخشێت

لێرەدا شاعیر دەیەوێ لە ڕێگەی بوونی بە کەڵەشێر وەک سەرۆکی خێزان ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، لەلایەکی دیکەش هەستی خۆ بەزلزانی و باڵادەستی خۆی بسەلمێنێ و وەکو ڕەگەزێکی نێر دەسەڵاتەکانی بەسەر ڕەگەزی مێدا بسەپێنێ و حەز و ئارەزووەکانی تێربکات. شاعیر ژینگەی ئاژەڵان دەکاتە وەسیلەیەک بۆ ئەوەی هاوتابوونی مافی ژیانی ئاژەڵان لەگەڵ مرۆڤەکان پیشان بدات.

لە کۆپلەیەکی دیکەدا خۆزگە بە ژیانی بۆق دەخوازێ و دەڵێ:

دەخوازم ببم بە بۆق و
ڕۆژانە بێمە سەر بەردێکی کەنار ڕووبار و
لەسەر پەلکە هەنجیری وەریـودا، یادەوەریم بنوسمەوە
ئاشکرای بکەم کە،+++
لافاو چەند جار ڕایماڵیوم
ماسی چەند جاران گازی لێگرتووم
منداڵ چەند خڕکە بەردی تێگرتووم
چەند جار لاقەی کردووم – کیسەڵ
چەند جار لە ماڵەکەی خۆمانا دەری کردووم- قرژاڵ

شاعیر خۆی دەخاتە ناو ژیانی بۆق و سیفەتی مرۆڤیشی پێ دەبەخشێ، بۆق وەکو تاکێکی ڕۆشنبیر، یادگارییەکانی دەنوسێتەوەو باسی ئێش و ئازارەکانی دەکات، کە لەلایەن هاو کۆمەڵگاکانیەوە توشی بووە، لێرەدا قوباد گەیشتۆتە ترۆپکی لەیەکگەیشتنی موعاناتی مرۆڤ و غەیرە مرۆڤ (گیانلەبەر)، کە لەگەڵ یەکتر هاوتەریب هاتوون. وەک(دەربەدەری و لاقەکردن و ئازاردان).

لە کۆتایی ئەم شیعرەدا دان بەوە دادەنێت کە لە مرۆڤ بوونی خۆی بێزارە و دەڵێ:

لە مرۆڤ بوون بێزار بووم
حەزدەکەم ببم بە،
مارمیلۆق(جەلیزادە٢٠٢٢: ١٥٠-١٥١)

حەزکردنی شاعیر بۆ بوون بە مارمیلۆق ، دەیەوێ ئەوە بڵێ کە ئەگەر ببێتە زیندەوەرێکی بێ سوود و تەنانەت ئەگەر زیندەوەرێکی زیان بەخشیش بێ ، هەر حەزدەکات لە مرۆڤ بوونی خۆی دەرچێ.

قوباد وەکو کەسێکی ئاژەڵدۆست و شارەزا و خاوەن ڕۆشنبیری لەسەر ژیانی ئاژەڵان، لە هەندێک شیعرەکانیدا دەیەوێ لە مرۆڤ بوونی خۆی دەرچێ و ببێتە غەیرە مرۆڤ، کەوا لەو جۆرە شیعرانەدا سیفاتی مرۆڤەکان بە غەیرە مرۆڤەکان دەبەخشێ و تینوی ژیانی ئەوانە. لێرەدا سەنگ و بەها بۆ ئاژەڵان دادەنێت و ڕێزی ژیانیان دەگرێت.

ئەنجام:

١- تێڕوانینی نوسەر و شاعیرانی کورد بەرانبەر ئاژەڵان هەر لە ئەدەبی فۆلکلۆرەوە تا ئەدەبی نوێ تا ڕادەیەک بۆ هەمان مەبەست هاتووە، بەڵام لە دوای دەرچوونی یاساکانی پاراستنی مافەکانی ئاژەڵ و زیادبوونی هەستی ئاژەڵدۆستی و ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی ئاژەڵانەوە کراوە، ئەم تێڕوانینە گۆڕاوە، ئەگەر سەرەتا تەنیا باسی جوانی و سوودیان کردبێ، ئەوا لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا بەتایبەتی لەدەقە شیعرییەکانی قوباد بەرەو ئاراستەیەکی قووڵتر و ڕەهەندێکی ژینگەیی بچێت و قرکردنی ئاژەڵان و پێشێل کردنی ماف و ئازاردان و بە بازرگانی کردن و ئەرکەکانیان خراوەتە بەرباس. قوبادی جەلیزادە وەکو شاعیرێکی نوێخوازی ڕێچکە شکێن پەیامی مرۆڤدۆستی و ئاژەڵدۆستی هەیە. یەکێکە لەو شاعیرانەی (دەکرێ بڵێین تاکە شاعیرە) کە بە شێوەیەکی جیاواز ژینگە و زیندەوەر و شتی بێگیان لە شیعرەکانیدا وەکو کەرەستەیەک بەکارهێنابێ. شاعیر بە تێڕوانینێکی سەردەمیانە و هاوتەریب لەگەڵ یاساکانی پاراستنی مافی ئاژەلان، وەکو هاوڵاتیەکی جیهانی دەقەکانی چنیوە. قوباد زیاتر لە ٨٥ جۆری ئاژەڵی( کێوی و ماڵی) لەم دیوانەدا بەکارهێناوە، زۆرترین ڕێژەی بۆ ( پەپولە، چۆلەکە، سەگ، کۆتر، بۆق و پشیلە)یە. زیاتر گرنگی بە مافی یەکسانی نێوان ئاژەڵان خۆیان و لەگەڵ مرۆڤدا و ئازارنەدانیان دەدات. شاعیر لە دیوانی "خولێک بۆ فێربوونی گریاندا"لە بەشی زۆرینەی شیعرەکانیدا گەلێک جۆری زیندەوەر و گیانلەبەرانی سەر ئەم زەوییە و تایبەت بە سروشتی کوردستانیشی تەوزیف کردووە، لە کۆی ١٧١ دەقی شیعری ١١٦ دەق بە ڕێژە و شێوەی جۆراو جۆر ئاژەڵی بەکارهێناوە.

## سەرچاوەکان

-قورئانی پیرۆز
- بە کوردی :
- بەرزنجی و بەرزنجی/عەبدوڵڵا تاهیر و د.عەلی تاهیر(٢٠٢٤)، کلیلدان( فەرهەنگی ئەدەب و رەخنە)، سلێمانی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،چاپی یەکەم.
-پەشێو/ عەبدوڵڵا(٢٠١٤)، هەسپم هەورەو رکێفم چیا شیعری (١٩٨٠- ٢٠٠٥)، کوردستان ، چاپخانەی رۆژهەلاٚت، چاپی یەکەم.
- جەلیزادە/ قوباد(٢٠٢٢)، خولێک بۆ فێربوونی گریان، سلێمانی ، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم.
- خاڵ/ شێخ محەمەد(؟)، پەندی پێشینان، چاپخانەی شڤان.
- خەزنەدار/ مارف(٢٠٠٣)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم.
- عەبدوڵڵا/ سۆران مامەند(٢٠٢٣)، رەخنەی ئیکۆلۆژی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بە نموونەی شیعرەکانی(شێرکۆ بێکەس و سەباح رەنجدەر)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم.
- محمدامین/بورهان(٢٠٠٤)، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتن لە قورئان، پێداچونەوەی لیژنەیەک، سلێمانی، کتێبخانەی رۆشنبیر،چاپی دووەم.
- محەمەد/ فوئاد رەشید(٢٠١٨)، شیعری ( وەسیەتنامەی زەوی)( کەژاڵ ئەحمەد) لەبەر رۆشنایی رەخنەی ئیکۆلۆژی)دا، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، ساڵی پێنجەم، ژمارە(١٥) ،ژمارەی لاپەرە(٤٣١-٤٤٤.
- مودەریس/ عەبدولکەریم(١٩٧٦)، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس- فاتیح عەبدولکەریم، بەغدا، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، چاپی سێیەم.
-بە عەرەبی :
-حبیب/ زینب منصور(٢٠١١)، المعجم البیئي، الاردن، دار أسامة، الطبعة ١.
-بە ئینگلیزی :
-BIRZO/ ABDULKADIR MOHAMMAD 2019. The Ecocritical Roots from Shakespeare to the present, PHD, Salahaddin University-Erbil.
-El Kashlan/ Mayada Mahmoud Saad 2016. The Relation between Ecocriticism, Critical Animal Studies and Theater, Annals of the Faculty of Arts, Ain Shams University- Volume 44(April-June), Egypt.
-HUGGAN, G. AND TIFFIN, H 2010. Post-colonial Ecocriticism, London: Routledge.
- Limbu, Manoj Kumar 2020. Zoo critical Perspectives on Two Novels: Black Bruty and White Fang, In Partial Fulfillment of the Requirement for the Degree of Master of Philosophy, Sikkim University, Gangtok.
-Mishra, Sandip Kumar 2016. Ecocriticism: A Study of Environmental Issues in Literature, BRICS Journal of Educational Research.
-Sengupta. T 2015. A Zoo critical Reading of R.K.Narayan s “The Guide”, “ A Tiger for Malgudi” The Man-eater of Malgudi”. New man International Journal of Multidisciplinary Studies,2(7).
- سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:
(15-11-2023- شەماڵ/ شنە )
٢٠٢٥-٦-١
https://:hadeethenc.com
https://zaniary.com/blog/65551a9878df8
یاسای رێکخستنی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵە ماڵی و بێلانەکان ٢٠٢٢.
https://:legislation.krd/law-detail?/id5833=
٢٠٢٥-٥-٥.

## ملخص

عنوان هذه الدراسة هو "النقد الحيواني في "دورة تعلم البكاء" للكاتب قوباد جليزاده. البحث هو محاولة لتقديم مبادئ وأبعاد النقد الحيواني في النصوص الشعرية للقصائد المختارة من "دورة تعلم البكاء". الإيكولوجيا كأسلوب نقدي جديد هي مجال علمي ، يدرس العلاقة بين البشر وأنواع النباتات والحيوانات وعلاقتها بالعالم المادي، أي أنها تختار مواضيع نقدية تحقق في العلاقة بين الأدب والبيئة البيولوجية والمادية. النقد الحيواني هو فرع من فروع النقد الإيكولوجي الذي يركز على دور وتمثيل الحيوانات في الأدب. الهدف من هذه الدراسة هو وصف تصوير الحيوانات في القصائد المختارة من "دورة تعلم البكاء"، بناء عليه، تدرس هذه الدراسة، في ضوء منهج النقد الحيواني وقوانين حقوق الحيوان، كيف ينظر الشاعر قوبادي جليزاده إلى الحيوانات في نصوصه الشعرية. تتكون الدراسة من جزئين، الجزء الأول هو منفذ نظري يركز أولا على تعريف النقد البيئي، ثم يركز على تاريخ ومصطلحات والتعريفات المتعلقة بالنقد الحيواني. في الجزء الثاني، يتم تطبيق موضوعات وأبعاد منهج النقد الحيواني على قصائد مختارة.

الكلمات المفتاحية: النقد البيئي، النقد الحيواني، الحيوانات، حماية حقوق الحيوانات، دورة لتعلم البكاء.

## Abstract

The title of this research is “Eco-Zoological Criticism in ‘A Course in Learning to Cry’ by Qubadi Jalizadeh.” The research is an attempt to reveal the foundations and aspects of eco-zoological criticism in the poetic texts of “A Course in Learning to Cry.” Ecology as a new critical method is that scientific field which examines the relationship between humans and species of plants and animals and their connection to the physical world, meaning it selects those critical subjects that examine the relationship between literature and the biological and physical environment. Eco-zoological criticism is a branch of ecological criticism that emphasizes the role and representation of animals in literary texts. The aim of this research is to discuss the manner of depicting animals in selected poems from “A Course in Learning to Cry.” Accordingly, the research, in light of the method of eco-zoological criticism and the laws of animal rights protection, examines how the poet—Qubadi Jalizadeh—draws upon animals in his poetic texts. The research consists of two parts: the first part is a theoretical framework that initially sheds light on introducing ecological criticism, then emphasizes the history, terminology, and definition of eco-zoological criticism. In the second part, the foundations and aspects of eco-zoological criticism are practiced in the selected poems.

Keywords: Ecological criticism, eco-zoological criticism, animals, animal rights protection, A Course in Learning to Cry.